زنجیرە کتێبی
خەونە گەورەکانی منداڵان

# ماری کوری

# ماری کوری


نووسەر: ماریا ئیزابیل - سانچیز فیگارا

وێنەکان: فراو ئیزا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: 2022

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٩٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (35)

**ماریا ئیزابیل – سانچیز فیگارا**

# ماری کوری

**وێنەکان: فراو ئیزا**

**لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان**

2022

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، ســازکردنی کۆڕ، ســمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

ماری؛ کیژۆڵەیەکی پۆڵەندی بوو، خەونی
بەوەوە دەبینی ببێتە زانا نەوەک شازادە.










ماری لە خێزانێکی مامناوەنددا گەورە بوو، بە زیرەکییە بێوێنەکەی جیا دەکرایەوە. ڕۆژێکیان مەدالیایەکی ئاڵتوونیی بەدەستهێنا لەبەر ئەوەی خوێندکارێکی زیرەک بوو، پاراستی وەک ئەوەی گەنجینەیەک بێت.






له شارەکەی ماری، زانکۆ تەنیا بۆ
خوێندکارە کوڕەکان بوو، بۆیە چوو بۆ
پاریس بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکات.



مـــاری زۆر بایەخـــی بە خوێنـــدن دەدا، ژمێریاری و زانست و زمانی فەرەنسی فێر بوو، بوو بە باشترین خوێندکار!


M.C.



ماری، بیاری ناســی، کە ئەویش
ئارەزووی لە زانست بوو.





هەردووکیان یەکتریان خۆش ویست
و هاوسەرگیرییان کرد.





لە تاقیگەکەیاندا، بیار و
ماری هەردوو مادەی رادیۆم و
بۆلۆنیۆمیان دۆزییەوە.
ئەو دۆزینەوەیە زۆر گرنگ بوو!




Nobel
Prize

لەبەر ئەوە شایانی خەڵاتی نۆبڵ بوون!
بەو شێوەیە، ماری بوو بە یەکەم زانای ژن ئەو خەڵاتە وەربگرێت.





رۆژێکیـــان، بیار بە ڕووداوێکی دڵتەزێن مرد و
ماری بەتەنیا مایەوە.



ماری زۆر خەمبار بوو، بەڵام بەبێ وچان لە کارەکەی بەردەوام بوو.
خەڵاتی نۆبڵی دووەمی وەرگرت!




Nobel
Prize



کاتێک جەنگ هەڵگیرسا ، ماری زانیارییەکانی بۆ چارەسەری سەربازە
بریندارەکان بەکار دەهێنا.







پــاش تەواوبوونی جەنگ، مــاری پەیمانگەیەکی تایبەتی لە پاریس دامەزراند و هانی کچانی دەدا بۆ خوێندن و کارکردن بە دڵسۆزی.

ماری، کچەکانی فێر دەکرد لە ژیاندا لە هیچ شتێک نەترسن، لەبەر ئەوەی قورسترین بابەتیش دەتوانرێت لێی تێبگەین.





هەرکەسەو خەونی جیاوازی هەیە

کەواتە خەونی تۆ چییە؟

دەتوانیت لێرەدا بە راوێژ لەگەڵ خێزانەکەت خەونەکەت بنووسیت:

ئەگەر داوات لێبکەین،

دەتوانیت لە بارەی خەونەکانتەوە وێنەیەك بکێشیت:

## ماری کوری

(1934 – 1867)

ماری کوری؛ زانایەکی پۆڵەندییە، یەکەم ژنە کە بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی پاریس بۆ زانست بەدەست هێنابێت. بەوە بەناوبانگە کە یەکەم ژنە خەڵاتی نۆبڵی بردبێتەوە. تاکوو ئێستاش یەکەم زانایە کە دوو جار ئەو خەڵاتەی لە دوو بواری جیاوازدا بردبێتەوە. لەگەڵ بیار کوریی زانا هاوسەرگیریی کردووە و بەیەکەوە مادەی «بۆلۆنیۆم» و «رادیۆم»یان دۆزیوەتەوە. ماری بڕوای وابوو دەبێت زانست بۆ چاکە بەکار بهێنرێت نەک خراپە، هەتا ئێستاش بە بەردەوامی دۆزینەوەکانی یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان.